مەسرور بارزانی بەبۆنەی جەژنا ڕەژیەن ئەزی پیرۆزبایی لە هاوواتییانی ئەزیدی دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە 18ی کانوونی یەکەمی 2025، لە پیامەکدا، پیرۆزبایی جەژنا ڕەژیەن ئەزی لە هاوواتییانی ئەزیدی کوردستان و جیهان دەکات.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پیامەکیدا دەڵێت: بە بۆنەی جەژنا ڕەژیەن ئەزی، گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئەزیدی لە کوردستان و جیهان دەکەم، هیودارام بە خێرو خۆشی ڕەژانی جەژن بەسەر ببن.

هەر لە پیامەکەدا هاتووە "بەم بۆنەیەوە، خوشک و برایانی ئەزیدی دۆنیا دەکەینەوە، کە وەکوو هەمیشە لە پشتیوانی ماف و داواکارییەکانیان و بەهێزکردنی کولتووری پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین.